
# ئەشکەوتە کەوناراکە

**سێ شیعری حەسەب ئەلشێخ جەعفەر**
**(١٩٤٢ — ٢٠٢٢)**
**لە عەرەبییەوە: ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**



ئەوەتانێ من لە بێشەیەکی چڕدا بۆ دەموچاوت
دەگەڕێم
خوێ لێوە تاڵەکانم لێ دەچووزێنێتەوە و ورشەی
کراسە
کونکونەکەی بەر باتم بۆ دێت،
(سەدەگەلێک لە باران و
چەخماخە و هەورەتریشقە
خاکەکەیان سووتاندم و منیان هێنایەوە سەر قوڕ،
هەموو ئەوەی بایش جێی هێشت بۆم، پیشەیەکی
بەردین و قەدێکی کرمەڕێز بوو
جا ئیتر لێمان دوور بکەرەوە، چونکە نە هەتاو و
نە مانگیش لە ئەشکەوتەکەدا نییە
ئاخ کڵاوکوڕە زەردیلەکەم.. قەدێکی کرمەڕێزی بۆ
بەجێ هێشتم.)
ئای گەر بڕۆمە ئەشکەوتە سامناکەکەوە
دەوەنەجاڕێک لە دەوراندەوریدا بەرز دەبێتەوە و
هاوین و پاییزیش دەورەی دەدەن
ئاخ ئەگەر خۆم بئاخنمە ئەو ئەشکەوتە، گڕی
جەمسەر و
بەفرەکانی قرچەی گەرمای لەناودایە
تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان بچمە ناوی..
(گەورەبووین وردیلانەکەم
با گەڵای هەڵوەراندین و بارانیش ڕووت و ڕەجاڵی
کردینەوە
ڕۆحم چڵوچێوە و ئاوریشمیشم لە گەردەلوولەکاندا
پووشوپەڵاشە
جا ئیتر لێمان دوور بکەرەوە، چونکە ئەشکەوتەکە
مار و پڵنگ و چاڵی تێدایە)

ئەی ئەو ئەشکەوتەی بە هەڵلووشین ڕۆح
هەڵدەلووشێت
گۆزە نایابەکەت بەو ئاوەی قووڵاییەکانی دۆزەخ
دەکوژێنێتەوە لێوانلێوە
سینەت سەنگینە و بە خێروبێری بەهەشت
دەورەدراوە
دەی بە تفە هەنگویناوییەکەت ئاودێرمان کە و
بارانی چڵ، یان هەورمان بۆ ببارێنە.
ئەی ئەو ئەشکەوتەی بە بێشە چڕوپڕەکە
دەوردراوە
ئەی ئەشکەوتە سامناکەکە
ئێمە پاسارییە هەتیوکەوتووەکانی بەر باین
دە ئیتر ئەی خۆشەویستم دەرگەکە ئاوەڵا بکە و
پەچەکەت دابدڕێنە و
میوەجاتی بەهەشتیشمان پێ ببەخشە..
(ئێمە بەخشیمان، کەچی دەستەکانی تۆ
درێژنەکران
دەرگەیشمان واڵاکردەوە، هەی ڕۆڵەکەم، بەڵام
لەبەر دەرگەکەدا هەنگاوت ترپەیان نەهات.
ئاخ بێشەکە تێکدەئاڵا و داڕووجانیش تێکدەئاڵا
خاکیش کەساسانە بۆ پێمەڕەی قورسی جووتیار
لاکەی دەهات
تا تێکئاڵانی بێشەکەم هەڵبلووشێ و قووڵ
قووڵ بە ناو دەمی پڵنگی سووکایەتی پێکراودا
شۆڕبێتەوە و
بە گژوگیاکەوە قوڕەکە بپلیشێنێتەوە، یان
داروشوڵکی درێژکۆڵە بشکێنێ و
چەخماخە و هەورەتریشقە بێتەئارا و بایش هەورە
باردارەکانی خۆی بهێنێ
خاکیش داماوانە بناڵێنێ و باران دابکات..
ئاخ تا باڵندە بەرەو هەتاوی باخەکانی تر
باڵەکانی لێک بدات.)
ئەی دەرگەی ئەشکەوتەکە
پاسارییە هەتیوکەوتووەکان لەبەر ئاستانەکانتدان
گزنگیش چاوەکانی قوچاند و خەوی لێ کەوت
ئای دە کەوابێ با بچینە لای دارمێوەکە، یان لە
بەرد کۆمەڵێک ماڵ بنیاد بنێین..
ئەوەتا من منداڵێکم لەسەر دارخورما بەخەبەر دێم و
لەسەریشیدا دەخەوم
ئەوەتانێ من «جگەر»ی کۆترەکێویلان هەڵدەگرم
جا ئیتر دەرگەکە واڵا بکەرەوە و لێگەڕێ با، با
گوڵی کراسە دیودەرەکە بشارێتەوە،
ئاخ ئەی ئەو ئەشکەوتە سامناکەی
بێشەیەک لە دەوروبەریا بەرزبووەوە و هاوین و
پاییزیش دەوریان دا،
ئەوەتا من منداڵێکم،
ڕابن باڵندەکان ڕابن و
پەڕە کەسکەکانتان بڵاوبکەنەوە،
(ئێمە گەورەبووین، باران ڕووتی
کردینەوە
گشت ئەوەی لەناو ڕۆحدایە: ئاو و بەردە.
دوا بەتڵی شەو، لانەکەمان
لەناو لوورە لووری بادا بەربووەوە، باڵندەکەیش،
هەی ڕۆڵەکەم، لە شەققەی دا و ڕازەکەشت

بەردی بەخەبەر نەهێنا
دە ئیتر لێمان دوور بکەرەوە، چونکە ئەشکەوتەکە
مار و پڵنگی لەناودایە.)
ئەی ئەشکەوتە کەوناراکە
ئەوەتا من وەک گورگ لەبەر دەرگەکەت
دەلوورێنم، دوورخراوانە هاوار دەکەم
ئەوەتا من لە دوا ئاوزینگدانی ڕۆحدام
ئەو ئاگرەم لە دەستدایە کە ڕۆح بە پووشوپەڵاش
دەبەخشێت،
ئەوەتانێ من بە تەنیا
لە گزنگی باران شووشتوودا، لەسەر کۆلارەی

منداڵە بچکۆلەکە هەڵدەفڕم،
لەبەر دەرگەکەشتدا دەلوورێنم، ئەی
خۆشەویستم..
(هەموو ئەوەی سەردەمەکانی گڕ و
بەفریش هێشتیانەوە
کۆمەڵێک کێڵگەی ژیلەمۆ و
خانوویەکن، کە بێهوودە مردووە گەڕاوەکانی خۆی
بەخەبەر دێنێ،
ئەوەتا ئەوە دەریایە: ئاو و بەردە
تۆ بات گرتووە با، باڵندەکانیش لە بادا هەڵنافڕن
دە ئیتر لێمان دوور بکەرەوە لەبەر ئەوەی
ئەشکەوتەکە مار و پڵنگی لەناودایە..)

## دووکەڵ

دیوارەکە شێئاسا
هەڵمدەلووشێ لەناویدا چرچارە ڕەنجەڕۆکەم
دەخوێنمەوە،
تۆ لە شانۆدا، لە سەماگەدا، لە شەقامدا
لەناو پاسدا، لە میترۆدا، فەروو
شانە ڕووتەکانت دادەپۆشێ و
پرچە کاژوواژەکەت
بۆنی یەکەمین وردە بەفری نەرمونیانی لێوە
دێت..
(بکێشە، بکێشە، لە دووکەڵ بەولاوە هیچی تر
نییە و
لە گشت مەیخانەکانیشدا لە بەرماوەی ناو
پەرداخەکە بپرسە:
ڕابوردوو چۆن ڕابورد و چۆنیش کار لە کار
ترازا؟)
لە قاوەخانەکەدا ناڵەوزاریی کەمانەکە دەڕەوێتەوە
و
شانە نایابەکانیشت
لەناو قامکە برسییەکانمدا دەتوێنەوە..

بە ژێر بەفردا، لە شەقامدا، سەما دەکەین،
لە شەقامدا، بە ژێر بەفردا، ڕادەکەین
جووتێ ئاشقی خۆمانئاسا، پێمان پێ دەکەنن
لەناو جەنجاڵیی خوانەکە بۆ سێوێک، یان بۆ
پارچەنانێک دەگەڕێین
بۆ جگەرەیەک دەگەڕێین..
بە پێکەنینەوە بۆ چ شتێک خۆ هەڵدەدەین،
ئیتر ئاوریشم هەڵدەخزێت و مانگیش لە ناو
چاوەکاندا دەکوژێتەوە
با لە سەرباندا لوول دەخوات، شەبەقیش
پەنجەرە تەڕەکەمان دەدرەوشێنێتەوە، شتێک
لەسەر لێوی خوارێ وەک تامی بەفر و پرتەقاڵ
وەک تامی شەوە درێژخایەنەکان،
یان وەک پرچ کە شۆڕ دەبێتەخوارەوە
تەپۆڵکە، یان لووتکە ڕووتوڕەجاڵە فەرامۆشکراوە
بەرزەکان
دادەپۆشێ..
(بکێشە، بکێشە، لە دووکەڵ بەولاوە هیچی تر
نییە و
لە گشت مەیخانەکانیشدا لە بەرماوەی ناو
پەرداخەکە بپرسە:
ڕابوردوو چۆن ڕابورد و چۆنیش کار لە کار
ترازا؟)
لە جێخەودا یەک کتێب
دەخوێنینەوە، یان گوێ لە ئاوازێکی کورت
دەگرین و
مەی دەنۆشین.. لە شانۆدا ئەم ئێوارە سازوخۆشە
بەسەردەبەین؟
یان لەناو سەماگەیەک کە لاقەکان لەبەر ڕووناکییە
لێڵەکانیدا دادەگیرسێن؟
یانێ ئەمشەو بەزم و ئاهەنگ لە ژوورەکەدا
دەگێڕین:
خوانێکی چکۆلانە و تانگۆیەکی بەمیهروسۆز و

چەپکێکی سووری بەیەکداچوویش
چ شتێک.. لەوە جوانتر دەبێ؟
وا پێیەخاوسەکانیشت ڕەهابوونە و
خەریکی ڕستنی کراسی سەما ڕووتوقووتەکانن
(بکێشە، بکێشە، لە دووکەڵ بەولاوە هیچی تر
نییە و
لە گشت مەیخانەکانیشدا لە بەرماوەی ناو
پەرداخەکە بپرسە:
ڕابوردوو چۆن ڕابورد و چۆنیش کار لە کار
ترازا؟)
قیرەکە وەک مەلێک هەڵمدەلووشێ
کە دەنگەکەی لەکیس چووە
باڕەکانیش وەک ڕوخساری پێغەمبەرێک
هەڵمەلووشن
کە مردووە

## هاتنەخوارەوەی ئۆرفی

چۆلەکەکان دوا بەتڵی شەو لە یانەکە
دەسوورێنەوە، ئەویش سەوزئاماڵ
ڕەشئاماڵ دادەبەزێتە خوارەوە
ئاگر و گژوگیا ڕوخساری دادەگرنەوە
بایە کۆنەکانت بینی خاتوونەکەم
جلەکانیان هەڵدەخست،
(لە شێدارییەکەی ئابدا من زینام کرد
چل ساڵان بووم، دزدەکییانە خۆم ئاخنییە نێو
دارخورما و
گوڵەگەنم  گژوگیا تەڕ دەبوو، سەوز دەچووەوە
ڕەش دەچووەوە، بیست ساڵ بوو لە سیمایدا ئەو
ئارەزووە گڕگرتووەی هەڵدەگرت  کە گشت ڕۆژێک
خۆی بەسەر قاچمدا دەدا، زستانەکانیش
پووشوپەڵاش
دەوریان دەدا، لەپەکانی تاسەیەکی کەونارایان بۆ
ڕانە خڕخەپانەکانم شک دەبرد، دوو باسکی لە
کرمی ناو گۆڕی چۆڵوهۆڵ
تا بڵێی برسیتر گرتیانمەخۆ، گژوگیا لەناو
لەپەکانمدا
تەڕدەبوون، وەرەخوارێ ئەی بزنەکێوی، داگەڕێ
ئەی گای کێوی، من ئەو بزنە کێوییە ڕۆحزەدەیە
بووم
کە بیست ساڵ بوو بەگای کێوی ڕۆحزەدە بووم..)
شار تەڕ دەبێت، خانمەکەم تۆ
چاویلکەکەتت لە سەر کاونتەری مەیخانەکەدا
لەبیرچوو؟
( من نیشتەجێی نهۆمی حەوتەمینم)
گژوگیا تەڕ دەبێت، خاتوونەکەم داخۆ
لە شەکانەوەی جلوبەرگەکانیدا
پەییت بە لەککەی ڕەشی چەسپیو
برد؟ لە باڕەکەدا
گوێت لە سەگە خەمداگرتووەکانی
دوا بەتڵی شەو بوو؟ ناوت چییە
خاتوونەکەم؟
(ئۆرفی لە بەرزایییەکانی نیویۆرکەوە
بەرەو دارستانی
تاوێر دادەبەزێت، ڕەشئاماڵ دادەبەزێت ئاگر و
گژوگیا سیمای
دەتەننەوە، درەوشانەوەی سەوزی زێڕین ڕوخساری
دەتەنێتەوە،
شار لە دەنگە سەوزە زێڕینەکەیدا تەڕ دەبێت،
فڕۆکەخانە و ئوتێلەکانیش بەڕوویدا کڵۆم دەدرێن،
ئۆرفی
لە چایخانە بچکۆلەکان منەی کام کارەکەر دەکات
باخچەکان تەڕ هەڵگەڕاون و سەکۆکانیش گیراون و
پاسارییەکانیش تەڕ دەبن...)
خاتوونەکەم تۆ ئەم وەنەوشەیەت
لەسەر مەرمەڕی ئەستێڵەکەدا

لەبیرچوو؟

(من
لەسەر مەرمەڕی ئەستێڵەکەدا
وەنەوشەکە لەبیر دەکەم)
ئەم دەسماڵەت ڕەنگەکەی
وەنەوشەییە!
( لە باخچەکاندا بەدوای کام
دوێتەجنۆکە عەوداڵیت؟)
خاتوونەکەم تۆ تەڕ بوویتە، لە چایخانە
بچکۆلەکان
کارەکەرێک ڕەنگی ئا ئەم وەنەوشەیە لەبەر دەکات
دوا بەتڵی شەو لە مەیخانەدا دەڕەقسێ،
دەڕەقسێ، ڕوخساری
ئاگر و گژوگیا دەیتەننەوە، خاتوونەکەم تۆ
تەڕ بوویتە، ئەم کراسە زیواڵ زیواڵە لەبەر خۆت
دابماڵە،
من بە گژوگیا و کڵاوکوڕە گریاوەکان داتدەپۆشم،
پاسارییەکانیش دوا بەتڵی شەو
لە مەیخانەدا دەکوژرێن.

سەرچاوە:
حسب الشيخ جعفر، الأعمال الشعرية (١٩٦٤-١٩٧٥)، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.